# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
# گیرۆدەی گێژاوێکی جیدی سیاسی، کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی یە

Amineh Kakabaveh
ئامینە کاکەبەڤ

سەرەڕای بەرفراوانی سەرچاوە سروشتی‌یەکان لەوانە نەوت، فەقیری وهەژاری بێ‌ڕەزایە. سەرەڕای خەباتێکی سەدان ساڵە بۆ دامەزراندنی دێمۆکراسی وسۆسیالیسم، هێشتا دەسەڵاتی زۆڵم و ستەم حوکم بە دەستە. سەرەڕای سەدان ساڵ خەبات وتێکۆشان لە دژی ئێستێعمار و ئەمپریالیسم، هێشتا هێزە ئەمپێریالیستی‌یەکان خاوەن دەسەڵاتی ناوچەکەن.

هەر چەند سەدەیەك لە هاتنە مەیدانی خەباتی سیاسی، فیکری و کۆمەڵایەتی ژنان تێدەپەڕێ، هێشتا نەزمی سوننەتی ومەزهەبی باوك مەزنی ئازاریان دەدا. چینی کرێکار سەرەڕای ئەوەی بە درێژایی مێژووی خۆی دەستەویەخەی خەباتی سیاسی، ئابووری و ئیدێئۆلۆژیکە، بەڵام هێشتا ژێردەستەی نەزمی سەرمایداری‌یە و لە هەندێ وڵاتی وەك ئەفغانستان و پاکستان هێشتا شوێنەواری پێوەندی‌یەکانی پێش سەرمایەداری بە تایبەت لە بواری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی‌دا بە زەقی خۆدەنوێنن.

لە هەمان کاتدا هێزەکانی ئەمپریالیسمی ئەمریکا و ئینگلیس خەریکی شەڕ لە گەڵ ئەو هێزە کۆنە پەرەستانە لە ناوچەکەن کە پێشتر هاودەست و هاوپەیمانی خۆیان بوون. وەك موجاهدەکانی ئەفغان و بەعسی‌یەکانی عێراق.

ژنان لە زومرەی یەکەمین قوربانیەکانی ئەم شەڕە کۆنەپەرەستانەیەن. بە تایبەت بە شوێن هاتنە سەرکاری ئیسلامی سیاسی لە ئێران و بە هێزتربوونی هێزە پاوەن خوازە ئیسلامی‌یەکان لە زۆریەك لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شەڕی هێزە ئیسلامی‌یەکان لە دژی ژنان دەور و توندی‌یەکی تازەی پەیدا کردوە. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە ئیسلامی سیاسی لە سەرتاسەری دنیا شەڕێکی تەواوی لە دژی ژنان ڕاگەیاندوە.

ژنان لە کوردستان خاوەنی مێژوویەکی درێژلە خەبات لە دژی کۆنەپەرەستی و بێ مافی‌دان. بەڵام لە ماوەی ٢٠ تا ٢٥ ساڵی ڕابوردوودا، دەوری ژنان لەم مەیدانەدا زۆر بەرچاوتر ودیارکراوتر بووە.

لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە مەزهەب ریشەیەکی قووڵی کۆمەڵایەتی هەیە و لەو وڵاتانەی کە ئازادیان تێدا نی‌یە و دەسەڵاتی سیاسی لە سەر بنەمای ئیسلامی سیاسی دامەزراوە، باس کردن لە داخوازە سەرەتایی‌یەکانی خەڵك بە گشتی مەیسەر نی‌یە تا بگا بە داخوازە بەرحەقەکانی ژنان. داخوازەکانی ژنان زۆر رادیکاڵتر لەوانەن کە ڕژیمە کونسرواتیوەکان و مەزهەبی‌یەکان بتوانن جوابیان پێ بدەنەوە. دەبێ ئەمەش بڵێین کە ئاڵترناتیڤی لیبراڵیش ناتوانێ جوابدەرەوەی داخوازە رادیکاڵەکانی ژنان بێ. داخوازە ئابووری‌یەکانی بە تایبەت ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە ئالتێرناتیڤێکی سۆسیالیستی‌دا بە تەواوی مەیسەر دەبێ.

هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ناوچەکە، بە پێچەوانەی پروپاگاندە و بۆچوونی زۆرێك لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان دێمۆکراسی نەهێناوەتە ناوچەکە بەڵکوو دیاردە هەڵکەوتووەکانی هەڵقوڵیو لە سیستەمی باوك مەزنی زیندوو کردوەتەوە. ئەمریکا دیارە ئامانج و ستراتژی‌یەکانی

خۆی لە ناوچەکە ڕەچاو دەکا. بوونی ئەمریکا لە ئێراق بە روونی نیشانی دا کە شەڕ لە ژێر نێوی «ئازادی و رزگاری عێراق» چەندە دروشمێکی بێ ناوەرۆك هەڵخڵەتێنەر بووە. ئەم شەرە تەنیا کۆیلەتی و بە دیل گیراوی زیاتری ژنان لە ئاڵقەی یاسا و پەسەندکراوە کۆنەپەرەستانەکان و زەخت و گوشاری هێزە پاوانخوازە مەزهەبی‌یەکانی بۆ ژنان بە دیاری هێناوە. چاوگێڕانێکی کورت بە سەر یاسا گشتی‌یە پەسەند کراوە تازەکەی عێراقدا ئەم راستی‌یانەمان بۆ دەردەخا. ئاماری خۆسوتاندن و کوشتنی ژنان زیادی کردوە. تێرۆر ورفاندنی ژنان گەندەڵی ئابووری و ئیداری و گەلێك شتی دیکەی لەم بابەتانە واقعی ئەو چارەنووسەن کە لە ژێر نێوی دێمۆکراسی‌دا پێشکەشی خەڵکی عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست کراوە.

**وەزعی ئێراق و کوردوستان**

ڕەوتێك کە ئێستا لە کوردوستانی ئێراق لە ئارادایە، رەوتی نائۆمێدی و نابەدڵی‌یە لە ستراتێژی‌یەکانی ئەمریکا. هەموان دەزانن کە ئەمریکا مەبەستەکانی خۆی لە ڕێگای هەوڵ دان بۆ پاراستنی یەکگرتوو مانەوەی ئێراق دەباتە پێش. هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانیش شوێن ئەم سیاسەت و ستراتێژی‌یەی ئەمریکا کەوتوون و بە کردەوە هەر ئەو ڕێگەیان هەلبژاردوە. پاش ١٥ ساڵ کە خەڵکی کوردوستان بە کردەوە سەربەخۆ بوون، بە تەمان خەڵك بکێشنەوە ژێر رکێفی دەسەلاتی دەوڵەتێکی مەزهەبی و کۆنەپەرەست. دیارە ئەم سیاسەت و ستراتێژی‌یە دەبێتە هۆی نائۆمێدی و دڵ لە دوایی خەڵك. وەعدە و بەڵێنی ئەمریکا لە مەڕ هێنانە سەرکاری دەوڵەتێکی دێمۆکراتیك و سکۆلار نەك هەر بە کردەوە دەر نەهاتوە بەڵکوو دەوڵەتێکی کۆنەپەرەستی مەزهەبی و یاسایەکی گشتی وەك جمهووری ئیسلامی ئێرانی هێناوەتە سەر کار. لە یاسا گشتی‌یە پەسەند کراوەکەی ئێراقدا، هەم مافە ڕەواکانی خەڵکی کورد بە ئاشکرا پێشێل کراوە و هەم ژنانیش وەك نیوەی کۆمەڵگا لە سەرەتایی‌ترین مافەکانیان بێ بەش کراون.

بوونی نوێنەرانی حیزبە کوردی‌یەکان لە پارلێمانی عێراقدا یان دیاری کرانی سەرۆك کۆمار و چەند وەزیرێکی کورد نەك بۆ خۆی نابێتە هۆی ئاڵو گۆڕێکی بنەڕەتی لە ناوەرۆکی رژیمەکەدا بەڵکوو ئەگەر هەر ئاوا بچێتە پێش ئەوانیش دەبنە دەستە چیلەی خۆش کردنی ئاگری دەسەلاتێکی کۆنەپەرەستانە و پتەو کردنی بنەماکانی ئەو دەسەلاتە. بەم شێوەیە دەبینین کە نەك هەر لە ئەمنی‌یەت و سەقامگیری ئاسەوارێك لە عێراق نابیندرێ، بەڵکوو تەنانەت پای ئەم نائەمنی‌یە کێشراوەتە کوردوستانیش. هەر ئەو داخوازە بەرتەسکە فیدرالی‌یەی کە لەسەر کاخەز بۆ کورد بە رەسمی ناسراون تا ئێستا چەندین جار لە لایەن دەوڵەتی جەعفەری‌یەوە بە شێوەی جۆراوجۆر دەس‌درێژی کراوەتە سەر. وەك دەرکردنی کارمەندانی کورد لە دائیرە دەوڵەتی‌یەکان و لە پۆلیسی کەرکووك و...

خەڵك لە کوردوستان لە وەزعی ئاو وبەرق و لە نەبوونی خزمەتگوزاری‌یەگشتی‌یەکان لە تەنگانەدان ونارازین. بەڵام لە نەبوونی ئالتێرناتیڤێکی رادیکاڵدا کە بتوانێ ئەم نارەزایەتی‌یانە سازمان بدا وریکیان بخات، ئێعترازەکان زۆر جار خۆبەخۆ سەرهەڵدەدەن وەك تەزاهورات و ئێعترازەکانی خەڵك لە کەلار، لە خانەقین، لە دهۆك، لە هەولێر و ئەم دواییانەش لە حەڵەبجە. هەر ئەم کەمتەرخەمی و بێ موبالاتی‌یە دەر حەق بە ژیان و گوزەرانی کۆمەلانی خەڵك، هۆی سەرەکی بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردوستان بوون لە هەڵبژاردنەکاندا. بە پێی ئاماری دام ودەزگا نادەولەتی‌یەکان، کەمتر لە ٣٠لە سەدی خەڵك لە ڕێفراندۆمی یاسای گشتی عێراقدا بەشداری‌یان کردوە. هەندێ لە ڕۆژنامەکانی کوردوستان لەو سەر دەمەدا بە دێڕی گەورە

نووسیبوویان « خەڵکی هەولێر لە رۆژی رێفراندۆمی یاسای گشتیدا مانیان گرت». ئەمانە هەمووی ڕەنگدانەوەی نا رازی بوونی خەڵکە لە سیاسەت و ستراتێژییەکانی ئەمریکا. ئەم هەل و مەرجە لە نەبوونی ئالترناتیڤێکی رادیکاڵدا بە داخەوە دەبنە هۆی سەرهەڵدان و بە هێزبوونی رەوتە ئیسلامییە کۆنە پەرەستەکان.

هەبوونی ستەمی میللی زەخت و گوشارێکی جەند لایەنە دەخاتە سەر شانی زنان. سەرکوت و زەختی کۆمەڵایەتی، سیاسی، و ئابووری لە هەموو بەشەکانی کوردوستان، نەبوون و بەڕێوە نەبردنی پرۆژەی ئابووری و سەنعەتی هەمە لایەنە، قەدەغە بوونی زمانی کوردی لە شوێنە رەسمی و دەوڵەتییەکان لە کوردوستانی ئێران و تورکییە و... لە ئاسەوارەکانی ستەمی میللین کە هەرکامەیان بە جۆرێك کاریگەریان هەبووە لە چەند قات بوونەوەی زەخت و فشار لە سەر ژنان و لە پەرەسەندنی فەرهەنگی پیاو مەزنیدا. بەڵام ئەمە نابێ (وەك زۆرێك لە رێکخراوە سیاسییەکان لە کوردوستان دەیانەوێ) قورسایی باری ستەم ونابەرابەری لە سەر ژنان بخاتە ئەستۆی ستەمی میللی. ئەمە ڕەوتە ناسیۆنالیستەکانن کە دەیانەوێ مەسەلەی ستەم و نابەرابەری لە سەر ژنان بە مەسەلەی میللییەوە ببەستنەوە.

گەمارۆی ئابووری چەندین ساڵەی عێراق، بارودۆخی خەبات و گوزەرانی ژنانی چەندین قات کێشاوەتە دواوە. پاش رووخانی رژیمی دیکتاتۆر و جنایەتکاری بەعس، ئاسەواری نەزمی پیاومەزنی و فەرهەنگی کونەپەرەستانەی عەشیرەتی نەك هەر کەمیان نەکردوە بەڵکوو ئیسلامی سیاسیشیان پێ زیاد بووە و بە تێکرا وا تان وپۆیان بە دەور ژیان و گوزەرانی ژناندا تەنیوە کە بە ڕاستی مەودای هەناسە کێشانیان لێ بڕیون. کوردستانیش لەم موسیبەتانە بێبەری نەبوە. لە راستیدا کۆنە پەرەستی مەزهەبی و پاشماوەی پێوەندییە دەرەبەگایەتی و عەشیرەتییەکان باڵیان بە سەر بەشێکی زۆر لە عێراقدا کێشاوە. زۆر جار کچان (دیارە بە نادروست) بۆ دەرباز بوون لە چنگ زەخت وگوشاری کۆنەپەرەستانەی زاڵ بە سەر ژیان و گوژەرانی ڕۆژانەیاندا پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن و خۆسوتاندن. هەژاری و نەخوێندەواری بە تایبەت لە دێهات و لە دەوروبەری شارەکان بەربینی بە زۆربەی بنە ماڵەکان گرتوە. ژنان لە بەرهەم هێناندا دەتوانین بڵێین هیچ دەورێکیان نییە و لە باری ئابوورییەوە سەر بەخۆ نین. ئەم وەزعە بۆ ئەو بنەماڵانەی وا پیاویان لە ماڵدا نییە وەك بنە ماڵە ئەنفال کراوەکان، دژوارترە. هیچکەس حیسابیان لە سەر ناکا. ژنانی ئەم بنە ملانە ئیزنی کار کردن لە دەرەوەیان نییە. ئەوانەشیان کە لە دەرەوەی ماڵ کارێکیان پەیدا کردوە بە دزییەوە خەریکی ئیش وکارن بۆ ئەوەی مەبادا ئاشکرا بن و پێیان بزانن.

هیچکام لە دوو دەوڵەتی دەسەڵاتداری پارتی و یەکیەتی لە ماوەی ١٦ ساڵی دەسەڵاتیاندا هەنگاوێکی وەها بەرچاویان بەرەو پێکهێنانی ئاڵ وگۆرێك لە وەزع و جێ وشوێنی کۆمەڵایەتی ژنان هەڵنەگرتوە. کاتێکیش ژنان خوازیاری مافە رەواکانیان دەبن، حەواڵەیان دەدەن بە دوای جێ بە جێ بوونی فێدرالیسم. دەسەڵاتداران کێشەی ژن بە ژنان خۆیان حەواڵە دەدەنەوە و دەڵێن مەسەلەی ژنان موشکلی خۆیانە نەك کێشەی کۆمەڵگا. ناسیۆنالیسم کۆسپێکی گەورەیە لە سەر ڕێی خەبات بۆ ڕزگاری ژن لە کۆت وبەندی کۆیلەتی و ژێردەستەیی. سەقامگیر بوونی ستەمی جینسی بە قازانجی بورژوازییە و هەڵگرتنی هەر هەنگاوێك لە مەیدانی خەبات بۆ رزگاری ژنان، بنەمای ناسیۆنالیسم لاوازتر دەکا.

ئەمڕۆ لە عێراق مەترسی شەڕی نێوخۆیی هەموو کۆمەڵگای داگرتوە. ئەمە دەتوانی وەزعی ژنان زۆر موشکلتر بکاتەوە. مەترسییەکی دیکە پەسەند کردنی یاسا مەزهەبی و کۆنە پەرەستانەکانن کە دەتوانن ببنە کۆسپێکی گەورە لە سەر ڕێی ژنان. چاو لێ بکەن، لە کاتی

هەڵبژاردنەکان‌دا هیچکام لە تلەویزیۆنە کوردی‌یەکان باسیان لەوە نەدەکرد کە هەڵبژاردن بۆچی و چۆن؟ تەنیا ئاماژە بەوە بوو کە هەڵبژاردنێکی ئازاد!!! بەڕێوە دەچێ و خەڵکی دەبێ بەشداری تێدابکەن. هەر لە هەوەڵیشەوە دیاربوو کە دەنگ بە چ کەسانێك دەبێ بدرێ.

ڕەسم ویاسا شەرعی‌یەکان کە لە ژێر نێوی پاراستنی ناموس وشەرەفدا سزای کەسانێك کە لە دژی ژنان دەس دەدەنە جینایەت دادەشکێنن، تا یەك دووساڵ لەمەو بەر هەر بەردەوام بوون تا خەبات و تێکۆشانی ژنانی ئازادیخواز و تێکۆشەر دههسەڵاتداران و حیزبە کوردی‌یەکانی ناچار کرد ئەو یاسایە بگۆڕن و قەتڵی ناموسیش وەك قەتڵەکانی دیکە بە حیساب بینن و سزای بۆ دیاری بکەن. دیارە زەختی وڵاتانی ڕۆژئاواش بە شوێن کوژرانی "پێڵا" لە هەولێر بە دەس باوکی لە سەر ئەو مەسەلەیە کاریگەری هەبوو. لە عێراقیش وەك زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دواکەوتوویی فەرهەنگی و بۆچوونی وشکی مەزهەبی لە ژێر نێوی ناموس پەرەستی‌دا وەزعی ڕۆحی و گیانی ژنانی خستوەتە مەترسی‌یەوە. وەزعی ژنان لە باقی شوێنەکانی عێراق بە تایبەت بە دوای هاتبی ئەمریکادا لە وەزعی ژنان لە کوردوستان خرابترە.

کۆتایی هێنان بە وەحشیگەری پیاومەزنانە لە ئێران، ئێراق، ئەفغانستان و... تەنیا بە ڕووخاندنی دەوڵەتەکان و دەسەڵاتدارنی ئەوێ مەیسەر نابێ. دەبێ ئەو نەزم و پڕۆگرامەش کە جێیان دەگرێتهوە دەس نیشان بکرێ. بەڵام ئەگەر ڕادەی دەس درێژی و ستەم لە سەر ژنان بە هەندێ ڕێفۆرمیش کەم بکرێتەوە، دەبێ لەو ڕێفۆرمان پشتیوانی بکرێ. بۆ نموونە قەتڵی ناموسی، سەنگەسار و قیساس جینایەتێکی ئاشکراو بێڕەزان. ئەگەر بتوانرێ بە سەقامگیر کردنی چەند ڕێفۆرمێکەوە پێش بەم جینایەتانە بگیرێ هەنگاوێکی بەرەو پێش بە حیساب دێن و دەبێ پشتیوانی‌یان لێ بکرێ. لە کوردوستانی عێراق ژمارەیەکی بەرچاو کۆڕوکۆمەڵ ورێکخراوەی جۆراوجۆری ژنان هەن کە لە شار گەورە وبچووکەکان‌دا خەریکی کار وهەڵسووڕانن و لە یارمەتی دەوڵتی کوردیش بەهرەمەندن. یارمەتی دان بەو ژن وکچانەی وا لە مەترسی ئەزیەت وئازاردان، بەرپاکردنی دەورەگەلی جۆراوجۆر وەك بێهداشتی ژنان و پەروەردەیی جینسی، دامەزراندنی ماڵ و شوێنی بەرێ چوون بۆ ژنانی قوربانی زەبروزەنگ و گەلێك کاری‌تر لە زومرەی تێکۆشان و هەڵسووڕانی ئەم ڕێکخراوانەن و جێی خۆیەتی ڕێزیان لێ بگیرێ و پستیوانی‌یان بکرێ.

Amineh Kakabaveh******